**گواستنەوەی فەرمانبەر بە شێوەیەکی کاتی (تەنسیب کردن)**

زاراوەی گواستنەوەی فەرمانبەر بە شێوەیەکی کاتی (تەنسیب کردن)) لە کارگێری دا بەمانای داواکردنی فەرمانبەرێک لە فەرمانگەیەک جیاواز لە فەرمانگەی خۆی، جا ئەگەر یەک وەزارەت بێت یان وەزارەتێکی کە، کە فەرمانگەکەی پەیوەندی پێیەوە هەیە. لەگەل مانەوەی لەسەر میلاکی فەرمانگەکەی خۆی.

**یەکەم:** دەکرێت فەرمانبەر لەنێوان فەرمانگە فەرمیەکان دا گواستنەوەی کاتیان بۆ بکرێت، وە هەروەها لە فەرمانگە فەرمییەکان بۆ فەرمانگە جیاواز فەرمییەکان یاخود نیمچە فەرمییەکان ناکرێت تەنیا ئەگەر هەردوو فەرمانگە لەژێر باری یەک یاسادا بن، یان لەژێر باری یەک جۆر سیستەم دابن، یاخود سەر بەیەک وەزارەت بن.

**دووەم:** گواستنەوەی کاتی نابێت لە سێ سال زیاتر بێت وە لە هەر نوسراوێک دادەبێت بۆ یەک ساڵ بێت وە بۆ سێ جار دووبارەبکرێتەوە. بەم مەرجانەی خوارەوە:

- زۆر بەکەمی بەکاربهێنرێت.
- بۆکاری زۆر پێویست لەکاتی پێویستی

وەزارەت لەکاتی پێویستی نەمان بە گواستنەوەی کاتی دەبێت واز لەم گواستنەوە کاتییە بێنێت.

فەرمانبەر مووچەکەی لەو فەرمانگەیە وەردەگرێت کەوا بۆی گواستراوەتەوە کراوە.

سێیەم: گواستنەوەی فەرمانبەر بە شێوەیەکی کاتی (تەنسیب کردن) بەرەزامەندی وەزیر دەکرێت لەنێوان فەرمانگەکانی یەک وەزارەت وە بەرەزامەندی هەردوو وەزیر دەکرێت لە نێوان فەرمانگەکانی دوو وەزارەت.

**خواستن(اعارە):**

بەپێی برگەی یەک لەمادەی سی و هەشت لەیاسای راژەی شارستانی رێگە دراوە بە فەرمانگە کەوا فەرمانبەرێکی بنێرێت بۆ فەرمانگەیەکی دەرەوە میلاکی حکومەت. ئەم خواستنە مانای کۆتای هاتنی پەیوەندی فەرمانبەر بە فەرمانگەیەکی نیە بەڵکو فەرمانبەر کاتێک دەنێردرێت بۆ فەرمانگەیەکی دەرەوە میلاکی حکومەت ئەوایە پەیوەندی بەفەرمانگەیەکی ناپچرێت. بەلام میلاکەکەی بە بەتاڵی دەمێنێتەوە، وە فەرمانگە بۆی هەیە بەفەرمانبەرێکی کە پری بکاتەوە. حکومەکانی خواست بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**یەکەم:**فەرمانبەر دەنێردرێت بۆ فەرمانگەیەکی دەرەوەی حکومەت جاچی لەناوەوەی عێراق بێت یان لەدەرەوە.

**دووەم:**چەند فەرمانبەرێک دانراوە بۆ خواستن کە بریتیە لەمانەی خوارەوە:

- توانای زانستی
- زمانی فەرمی ئەو رێکخراوە بزانێت کەبۆی دەچێت
- رەگەزنامەی عێراقی هەبێت
- بۆ پسپۆریەک بنێردرێت کە پسپۆری خۆی هەبێت

**سێیەم:**درێژترین ماوەی خواستن بریتیە لەسێ ساڵ نابێت زیاتر بێت.

**چوارەم:**خواستن بەکۆتای هاتنی ماوەکەی کۆتای دێت. وە هەروەها دەتوانرێت بە رێککەوتنی هەردوولا کۆتای پێ بهێنرێت وە ئەگەر ئەو لایەنەی کەوەری گرتوە کۆتای بەخواستنەکەی هێنا ئەوادەبێت موچەی پێ بدات تا دەگەرێتەوە شوێنەکەیخۆی

**پێنجەم:**ئەو ماوەیەی کە فەرمانبەر لەخواستن دابوو چەند پلەی بەرز بێتەوە ئەوا کەدەگەرێتەوە بۆشوێنەکەی خۆی بەپلەی نوێ کەی وەردەگرێتەوە.

## مافی خواستن و تەنسیبکردن:

## خواستن(الاء عارە)

لەمادەی سی و هەشت لەیاسای راژەی شارستانی ژمارەی بیست و چوار، هەمووارکراوە رێگای داوە بەخواستنی فەرمانبەر بۆدەرەوەی دام و دەزگاکانی دەولەت بۆ ماوەی پێنج ساڵ وە دەکرێت پێنج سالیش درێژ بکرێتەوەبۆ ئەو فەرمانبەرانەی لەولاتانی کەنداو دوورگەی عەرەبی کاردەکەن ، ئەم مادەیە هەموارکراوە بە بریاری هەزارو شەستەدو بیست و شەش کەماوەی خواستنی فەرمانبەران یان سەفەر یان بۆ کارکدنن لەولاتانی عەرەبی و بیانی لەرێکخراوەکانی عەرەبی و نێودەولەتی و کۆمپانیا هابەشەکان بۆتە سێ ساڵ و درێژناکرێتەوە بەهیچ شێوەیەک.

## چۆنیەتی پێدانی خواستن:

یەکەم: خواستن بە رەزامەندی نوسینی فەرمانبەر دەبێت وە بە بریاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

دووەم: ئەگەر هاتوو لایەنی خواستراو کۆتایی بەخواستن هێنابێت ئەوەی ماوەی یاسایی تەواو بێت دەبێت مووچەی فەرمانبەر بدات هەتا لە فەرمانگەکەی دەست بەکاردەبێتەوە.

سێیەم: لایەنی سوودمەند مووچەو دەرماڵەی خواستراو دەدات وە فەرمانبەر و فەرمانگەکەی پابەند نابن بە مووچەی فەرمانبەر ئەگەر لە مووچەی پلەکەی بەرزتربوو

چوارەم: دەبێت فەرمانبەر لەرێگای دەزگایەکەی کە خواستویەتی گڵدانەوەی خانەنشین بەستنی خۆی و فەرمانگەکەی رەوانەی سندوقی خانەنشین کردن بکەن بە پێی پلەی وەزیفەکەی لە فەرمانگەی خۆی.

پێنجەم: ماوەی خواستن بە خزمەت هەژمار دەکرێت بۆ هەموو مەبەستێک دەکرێت لەماوەی خواستن دا فەرمانبەر پلە بەرزبوونەوەو زیادکردنی مووچەی بۆ بکرێت بەپێی هەلسەنگاندنی سەرۆکی دەزگای خواستراو .

شەشەم: دەبێت فەرمانگەکەی دوای تەواو بوونی مادەی خواستن دەست بەکاربوونی بۆ فەرمانبەر بنوسێت لە پیشەکەی خۆی یان لەو ئەو پیشەی کە شایستەی دەبێت دوای کۆتای هاتنی ماوەی خواستن.

## گواستنەوەی کاتی فەرمانبەر

## رێکخستنی یاسایی:

یەکەم: رێنمایی شوێنی کارە(وضیفە) چۆلەکان و پێوەر(میلاک) پەسەندکراوەکان ژمارە بیست و سێ مادەی یەک وەزارەتی دارایی لەسەرەتای هەموو ساڵێکی دارایدا پێوەری فەرمانبەرانی هەموو وەزارەت و فەرمانگەکان پەسەند دەکات بە گوێرەی پێویستیان بە خزمەتگوزاریەکان و ئەو کاروبارانەی داواکراون بەمەبەستی ئەنجام دانی کار تیایدا، هەروەها فەرمانبەران دادەمەزرێن لەو پلانەی کە پەسەند کراون تا هەستن بە ئەنجامدانی ئەو وەزیفانە بەشێوەیەکی دیاریکراو لەسەر ئەم بنەمایەش رێگەپێدراونیە کە فەرمانبەر هەستێ بە ئەنجامدانی کارێک کە جیاواز بێت لە کاری وەزیفەکەی وەک هەستانی مامۆستایەک(مدرس) بەکاری سەر پەرشتیاری پەروەردەی یان هەستانی(محلم)یک بەکاری نوسەری یان ژمێریاری گەر هاتوو پێویستی زۆر وای دەخواست بۆ

گرتنە بەری ئەم جۆرەی رێو شوێنانە، ئەو وادەکرێت بگەرێنەوە بۆ وەزارەتی دارایی بۆ هەموارکردنەوەی میلاک بە گوێرەی مادەی سێهەم لە یاسای میلاک جگەلە حالەتەکانی کتوپڕ کە دەکرێت تەنسیبکردن ئەنجام بدرێت بەرەزامەندی وەزیری تایبەتمەند لە نێوان هەموو وەزارەتێک دا وە رەزامەندی هەردوو وەزیری تایبەتمەند کاتێک لە نێوان وەزارەتێک و وەزارەتێکی دیکە دابوو بەم شێوەی خوارەوە:

## گواستنەوەی کاتی (تەنسیبکردن)ی مامۆستایان:

یەکەم: گواستنەوەی کاتی مامۆستایان لەوانەی کە خاوەن تواناو لێهاتویەکی تایبەتن کورت دەکرێتەوە لەو بارودۆخانەی خوارەوە بە گواستنەوەی راژە چارەسەر نابن بۆ کارکردن لەنێوان فەرمانگەکانی یەک وەزارەتدا یان لەنێوان فەرمانگەکانی وەزارەتی ناوخۆ و کارگێری و پارێزەری و پەروەردە

دووەم: رێگەپێدراوەکە هەڵگرانی بڕوانامەی ماجستیر و سەروو تر گواستنەوەی کاتی بکرێت بۆ بیرکردنەوەی پێگە سەرکردایەتیەکان لە وەزارەتی پەروەردە

## رێنمایی  گواستنەوەی کاتی فەرمانبەران

### مادەی یەکەم :

وەزیری دارایی لەسەرەتای ساڵی دارای پێوەر(میلاتەکانی) فەرمانبەران پەسەند دەکات لە هەردوو وەزارەتەکان و فەرمانگەکان بە پێی پێویستی بۆ خزمەتیەکان و کاروبارەکانی پێویست بۆ بەجێ گەیاندنی کارەکان و فەرمانبەران دیاری دەکرێت لە پلەی پەسەند کراوەکان بۆ هەڵسانیان بەو کارانەی کە تەنیا لەو پێوەرانە دیاری کراون. لەسەر ئەم بنەمایە ناکرێت فەرمانبەر گواستنەوەی کاتی بکرێت بۆ هەڵسانی فەرمانبەر بە هەندێ کار کە جیاواز بێت لە کاری پیوەریەکەی(وەزیفەکەی)

وەکو: هەڵسانی مامۆستای دواناوەندی بە کاروبارەکانی سەر پەرشتیاری پەروەردەیی یان هەڵسانی مامۆستای سەرەتایی بەکاری نوسین یان ژمێریاری، ئەگەر وا پێویست بکات بۆ ئەم شوێنە و پێویستە بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی بۆ ڕاست کردنەوەی پێوەر(میلاک) بە پێی مادەی چواری یاسای پێوەر(میلاک) جگەلە بارودۆخە پێویستیەکان کە دەکرێت تەنسیبەکە بکرێت بەرەزامەندی هەردوو وەزیری تایبەتمەند لەنێوان وەزارەت و وەزارەتێکی تر بەم شێوەی خوارەوە:

## گواستنەوەی فەرمانبەر بە شێوەیەکی کاتی (تەنسیب کردن)ی مامۆستایانی سەرەتایی و ناوەندی

یەکەم: گواستنەوەی مامۆستایانی سەرەتایی و ناوەندی ئەوانەی خاوەنی توانای تایبەتن و پڕ دەکرێنەوە لەو بارودۆخانەی کە چارەسەر ناکرێت بەگواستنەوەیان بۆ کارکردن لەنێوان فەرمانگەکانی وەزارەتی ناوخۆ ، کارگێری خۆجێیەتی و وەزارەتی پەروەردە

دووەم: دەکرێت هەڵگرانی بڕوانامەی باڵای ماستەر بەرەو سەرەوە گواستنەوەی کاتیان بۆ کارکردن لە ناوەندەکانی سەرکردایەتی (امراکز القیادیە ) بۆ بکرێت لە وەزارەتی پەروەردە

## ماوەی گواستنەوەی کاتی مامۆستایان

سێیەم:دەبێت ماوەی گواستنەوە کاتییەکە لە هەموو بارودۆخێکدا لە دوو ساڵ تێپەرنەبێت دەربارەی مامۆستایان و گواستنەوە کاتیەکە بۆ ماوەی یەک سالە لە دەسپێکی ڕەزامەندی وەزیری تایبەتمەند یان هەردوو وەزیری تایبەتمەند، هەروەها درێژکردنەوەی ئەم ماوەیە بۆ ساڵێکی تر. دەسەڵاتی درێژکردنەوەی مادەی گواستەوە کاتیەکە دەبێت بەکاربهێنرێت لە بارودۆخی زۆر پێویستدا و دەبێت وەزارەتەکەی یان فەرمانگە تایبەتمەندەکەی گواستنەوە کاتییەکە کۆتای پێ بهێنێت لەکاتی نەمانی هۆیەکانی گواستنەوە کاتیەکە یان پرکردنەوەی پلە چۆڵەکان لەکاتی دامەزراندن.

چوارەم:دەبێت گواستنەوەی کاتی هاتوو لەسەرەوە پەیوەندی هەبێت بە پسپۆری و کارەکانی سوودمەند دەبێت مووچەو دەرمالەکانی گواستنەوە کاتی کراو لە ئەستۆبگرێت بە درێژای ماوەی گواستنەوە کاتیەکە.

شەشەم: فەرمانگەی پەیوەندیدار پابەندە بە کۆتای هێنان بە گواستنەوەی کاتی مامۆستایانی سەرەتای و دواناوەندی ئەوانەی کە ماوەی گواستنەوە کاتییەکەیان لە دوو ساڵ بەرەو سەروو لە رێکەوتی جێ بەجێکردنی ئەم رێنمایانە

حەوتەم:نابێت کاری هیچ مامۆستایەکی سەرەتای یان دواناوەندی بگۆردرێت بە شێوازێک کەپێچەوانەی ئەم رێنماییەبێت وەکو راسپاردن و فەرمان پێدانی و دەستنیشان کردنی بە کارێکی تایبەتی لەم جۆرانە، فەرمانبەری بەرپرس دەبێت مووچە پێدراوەکانی بەو کەسەی راسپێردراوە بەم شێوازە راسپاردانە لە ئەستۆی بگرێت لە ماوەی ئەم راسپاردنە سەرباری سزا کارگێرییەکان

## گواستنەوەی کاتی فەرمانبەران

یەکەم: دەکرێت فەرمانبەر گواستنەوەی کاتی بکرێت لەنێوان فەرمانگە فەرمیەکان

دووەم: دەکرێت فەرمانبەر گواستنەوە کاتی بکرێت لە فەرمانگە فەرمییەکانەوە بۆ فەرمانگە نیمچە فەرمییەکان بە پێچەوانەوە

سێیەم: دەکرێت فەرمانبەر گواستنەوەی کاتی بۆ بکرێت لە نێوان فەرمانگە نیمچە فەرمییەکان ئەگەر هاتوو پێوەر(میلاکیان) هاوشێوە بوو ملکەچی یەک یاسا یان سیستەم یان بنەماکانی خزمەتی شارستانی یان ئەگەر لەنێوان یەک وەزارەت بن

## ماوەی گواستنەوەی کاتی فەرمانبەران:

چوارەم: ماوەی گواستنەوەی فەرمانبەر بە شێوەیەکی کاتی (تەنسیب کردن) نابێت لە چوار سال تێپەرنەبێت دەربارەی فەرمانبەران لەهەموو حالەتێکدا و گواستنەوە کاتیەکە بۆ ماوەی یەک ساڵ دەبێت لە دەست پێکی ڕەزامەندی وەزیری سەرەوە بەمەرجێک ئەم دەسەلاتە (واتە دەسەلاتی درێژکردنەوە)بەکار بهێندرێت لە مەودایەکی زۆر تەسک و لەکاتی پێویست ، دەبێت وەزارەتەکەی یان فەرمانگە تایبەتمەندەکە  کار بکات بۆ کۆتای هێنان بەتەنسیبەکە لەکاتی نەمانی هۆیەکان و پرکردنەوەی پلە چۆڵەکان لە دامەزراندن.

پێنجەم:فەرمانگەی سودمەند، مووچەکانی فەرمانبەری گواستنەوە کاتییەکەی بۆ کراو لە ئەستۆ دەگرێت لە بارودۆخەکانی یەک و دوو و سێی سەرەوە بە درێژایی ماوەی گواستنەوەی کاتیەکە.

### مادەی دووەم:

فەرمانگەی پەیوەندیدار پابەندە بە کۆتای هێنان بە گواستنەوەی کاتی فەرمانبەران ئەوانەی کەماوەی گواستنەوەی کاتیان لەسێ ساڵ زیاترە لە ڕێکەوتی جێ بەجێکردنی ئەم ڕێنماییە

## پرکردنەوەی پلە چۆڵەکان بە بارودۆخی گواستنەوەی کاتی و دەستنیشان کردن و خواستن

مادەی سێیەم: نابێت پلەی چۆڵ پربکرێتەوە لە پێوەر(میلادەکانی) پەسەندکراو لەرێگای خواستنی فەرمانبەرە لە فەرمانگەیەکی تریان لە رێگەی خواستن یان گواستنەوەی کاتی تەنیا لە بارودۆخی زۆر لەناکاو و گواستنەوەی کاتی بە پێی بنەماکانی کە لەم ڕێنماییە هاتوون و هەروەها بەپێی بارودۆخەکانی هاتوو لە یاسا تایبەتەکان وەکو یاسای خزمەتی دادوەری.

## پرکردنەوەی پلە چۆڵەکان بە پسپۆری جیاواز :

### مادەی چوارەم:

نابێت پلەی بەتاک پر بکرێتەوە کە پێویستی بە توانای زانستی دیاریکراو هەیە یان بڕوانامەی خوێندنی تایبەت کە هیچ پەیوەندییەکی بە پسپۆریەکەی نەبێت یان خوێندنەکەی لە وەزیفە ئاماژە پێکراوەکە وەکو (دامەزراندنی دەرچووی کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری بە وەزیفەی یاریدەدەری کیمیاوی یان دامەزراندنی دەرچووی کۆڵێژی ئەندازیاری بە وەزیفەی یاریدەدەری فیزیاوی)

## گواستنەوەی کاتی فەرمانبەر بۆ پلەیەک خوارتر لە پلەی بنەرەتیەکەی

### مادەی پێنجەم:

نابێت فەرمانبەر گواستنەوەی کاتی بکرێت بۆ کارێک کە ئاستی نزمتربێت لەناو نیشانی کارەکەی وەکو:گواستنەوەی فەرمانبەر بە شێوەیەکی کاتی (تەنسیب کردن))ی بەڕێوبەری بەش بۆ کاری تێبنەر یان ژمێریار بۆ کاری نوسەر

### مادەی شەشەم:

هەلوەشاندنەوەی ڕێنماییەکانی میلاک ژمارە سێ ی ساڵی هەزار و نۆسەد و شەست وە پێنجی ساڵی(١٩٦٢) شەشی ساڵی (١٩٦٢)،حەوتی ساڵی (١٩٦٤)، هەشتی ساڵی (١٩٦٨)، نۆی ساڵی(١٩٦٨)، دە ی ساڵی (١٩٦٨)، دوانزەی ساڵی(١٩٦٩)، سێزدەی ساڵی(١٩٦٩)، چواردەی ساڵی(١٩٦٩)، پانزەی ساڵی(١٩٦٩)، شانزەی ساڵی(١٩٧١)، حەفدەی ساڵی (١٩٧٢)، هەژدەی ساڵی(١٩٧٣)، (٢٠٩) ساڵی(١٩٧٧).

**مادەی حەفتەم:**

ئەم ڕێنمایە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی.

## گواستنەوەی کاتی

گواستنەوەی کاتی ڕاسپاردنی فەرمانبەر بەکارکردن لە فەرمانگەیەکی تر لە هەمان وەزارەت یان وەزارەتێکی تر وە لەسەر هەمان میلاکی فەرمانگەکەی خۆی دەمێنێتەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ زیاتر نەبێت وە بۆ یەکەم جار یەک ساڵ دەبێت وەدەکرێت نوی بکرێتەوە وەکۆی ماوەکەی سێ ساڵ زیاتر نەبێت بە ڕەزامەندی وەزیری پەیوەندیدار ئەگەر لەناو فەرمانگەکانی هەمان وەزارەت بێت وە بە ڕەزامەندی هەردوو وەزیر ئەگەر لە نێوان دوو وەزارەت بوو. وە لەسەر داوای فەرمانگەی سوودمەند بە رەزامەندی فەرمانبەر یان لەبەر بەرژەوەندی گشتی وە دەکرێت لەسەر داوای فەرمانبەر بێت بە ڕەزامەندی هەردوو هەر فەرمانگە وە بە بڕیاری وەزیری پەیوەندیدار وەلایەنی سودمەند مووچەو دەرماڵەکەی فەرمانبەر دەدات. ماوەی گواستنەوەی کاتی بەخزمەت هەژماردەکرێت بۆ هەمو مەبەستێک چونکە فەرمانبەر بەردەوامە لە خزمەتیکردن ئەگەر دووبارە کرایەوە دەکرێت گواستنەوەی فەرمانبەر بە شێوەیەکی کاتی (تەنسیب کردن)ەوە بکرێت بە گواستنەوەی راژەی فەرمانبەر وە نابێت فەرمانبەر گواستنەوەی کاتی بۆ بکرێ بۆ فەرمانبەرایەتیەک لە ئەوەی خۆی نزم تر بێت هەروەها ڕاسپاردەی فەرمانبەر بەکارکردن لە یەکێک لە بەرێوبەرایەتی یان بەش و هۆبەکان لەناو فەرمانگە پێی دەوترێت گواستنەوەی فەرمانبەر بە شێوەیەکی کاتی (تەنسیب کردن)) لەناو فەرمانگە وەک زاراوە لەناو فەرمانبەران بەکاردێت.

**سەرچاوەکان:**


یەکەم: جمال محمد حسین . فەرمانبەرو فەرمانبەرایەتی گشتی، هەولێر (٢٠١٩)، چاپی دووەم

دووەم: دیندار حسین آحمد دەرگەلەیی، فەرمانبەران و ئەرکەکانی

سێیەم:عبدولقادر صالح عبدول.یاسای راژەی شارستانی چاپی یەکەم(٢٠١٧)

چوارەم: فتحی مستەفاخدر کاکە شین.شایستە و ئەڕکەکانی فەرمانبەر چاپی یەکەم(٢٠١٥)

پێنجەم:محازراتی مامۆستا رزگار سالی خوێندن(٢٠١٩-٢٠٢٠)